



# کراسی کوردی وەک بەدلەی بووک

کراســـەکان وەك جلێکی شایستە بە هەر جۆرە مۆدەیەك بن ئەو مۆدەیەش بە مۆدەی (ئەرمانە) ناسراوە، کاریگەیان دەبێ بۆ دەرخستنی شێوازی جوانی جەستەوە، ئەمەش لە کاتێکدا چەندین مۆدەی کراس هەن، بەڵام هەریەکەیان بۆ کات و شوێنێك بەسوودە و شیاوی جوانییەکی تایبەتە، لێرەدا دەکرێ ئاماژە بۆ گرنگی و جوانی کراسە کوردییەکانەوە بکەین، کراسی کوردی بەپێ ئەو کراوەیـــی و بوونی تەڵ و پۆڵی هەیە، بۆیە وەك کراســـێکی رازاوە دەبێ، هەروەها سوود وەرگرتن لە کراســـی کوردی کە لە شێوەی کراسی بووك دەچێ، هەنگاوێکی گرنگـــە بۆ جوانیت، ئەو شـــێوازە لە کراســـە کوردییە، بەکاردەهێنرێ بۆ رۆژی ئاهەنـــگ، واتە ببێتـــە جلی بووك، کە رەنگێکی ســـپی و جوانی هەیـــە، لەگەڵ ئەو جۆرە نەخشـــانەی لەسەر ســـینگ و پێشەوەی کراسەکە بەدی دەکرێ، لەگەڵ ئەوەی کراسێکی کوردییـــە، بەڵام دەتوانین لە جێگەی بەدلەکانی بووکـــەوە بەکاریبهێنـــن و بێگومان جوانی زیاتر دەبێ، ئەو خانمەی دەیپۆشێت وەك شازادەیەکی





# هەنگاوەکانی
# ماکیاژی چاوەکان بە وێنە ببینە

ماکیاژەکان بە هەر هەنگاوێك بێ پێویستی بە بیر کردنەوە و مۆدەیەکی تازەوە هەیە، لە کاتێکدا جوانترین ماکیاژەکان بەپێی پسپۆری و داهێنانەوە دەبێ، پسپۆرانی بواری جوانکاری کارەکانیان ئەنجام دەدەن بە گوێرەی لێهاتوویی و جوانی لە رێگاکانی ماکیاژدا، یەکێك لە گرنگترین ماکیاژەکان بریتییە لە رازاندەوە و دانانی ماکیاژی چاوەکان، ئەمەش وەك رێگەیەکی قورس دادەنرێ و دیمەنەکانیش بە ئاستەم دەردەکەون لە کاتی ماکیاژکردندا، بۆیە بە پێویستمان زانی کە شێوازی ماکیاژێکی مۆدیرێن و ستایلی تازە بە وێنەوە بۆتان روون بکەینەوە، کە ئێوەش دەتوانن قۆناغ بە قۆناغ ئەم هەنگاوانە دەست پێبکەن و تا کۆتایی و ئیتر مۆدەیەکی جوان لە ماکیاژی چاوەکانت دەردەکەوێ، کە ستایلێکی رۆژهەڵاتی هەیە، لە رەنگی وەنەوشەیی لە پشت چاوەکان و رەنگێکی کاڵی سپی لەسەر رەگی برژانگەکانەوە دەردەکەوێ و تەنانەت دانانی دوو رەنگی بەبریقە جوانترین مۆدەی ئەو ماکیاژە دەردەکەوێنێت.

# دیکۆرە سەرنجراکێشەکانی ژووری نووستن

دیکــۆری ماڵەوە بــە چەندەها شــێواز دادەنرێ، بەجۆرێــك ڕازاوەیــی بــە ماڵ ببەخشــێ، هەر شــوێنێك لە ماڵەوە مۆدەیەكــی تایبەت لە خۆوە دەگرێ، ســوود وەرگرتــن لەم دیكــۆرە جوانانە دەبێتە ڕێگەیەكی سەركەوتوو بۆ دەستنیشانكردنی دیكۆری ماڵەكان، لە كاتێكدا هەر دیكۆرێك دەبێ بەپێ خواستی كەسەكانی ئەو ماڵەوە دەستنیشان كرابێ یان لەســەر ستایلی گشتی هەڵبژێردرابێ. جوانترین دیكۆرەكان بۆ ماڵەوە لە ژووری نووستندا دەردەكــەوێ، كــە دیكۆرێكــی زۆر تایبەتە، یان خواســتێك دەبێ بــۆ دانانی جوانتریــن مۆدەی دیكۆر لــە ژووری نووســتن، گرنگترین بەش لە ژووری نووســتن بریتییە لە ڕازاندنەوەی سیسەمی نووســتن و دەورووبەری، ئەمەش لە كاتێكدا دەبێ كە شایســتەی ڕازاوەترین ئامادەكارییە، بە جۆرێك ببێتە مایەی جوانترین و ڕازاوەترین مۆدەكانی ئەو ژوورە، كە شێوەیەكی تاك یان جیاواز لە خۆ بگرێ و دیكۆرێكــی مۆدێــرن و تازە و كــراوە بێ، لەم ڕێگەیە ســوود لە جوانی دیكۆری ماڵدا دەبینرێ بۆ جوانترین و ڕازاوەترین دیكۆر.





كورد دەردەكەوێ و دەبێتە بەدلەیەكی جوانەوە، با لێرەوە ســوود لەم كراسە كوردییە وەربگرین كــە وەك بەدلەی بووك دابنــرێ و لە ڕۆژی ئاهەنگدا بپۆشرێ.

## مۆدەی كراسەكانی وەرزی هاوین



مــۆدەكان لە جلوبەرگدا بەپێ وەرز و كات و شــوێنەكاندا گۆڕانكاریان بەســەردا دێ، بۆیە خانمــان كاتێك بیر لە مۆدەیەك دەكەنەوە و دەبێ مۆدەی داهاتووشی بۆ ببێ، لێرەدا دوودڵی دروست دەبێ لەگەڵ ئەو ستایلە جلەی هەڵیدەبژێــرن، ئەمەش وادەكات كــە جوانییەكی ڕازاوە و كــراوەی هەبــێ لــە ســتایلە جلە كوردییەكان، وەك هەنگاوێكی دەستپێشخەر، كە سوودی لێوە دەبینرێ لە بواری جوانكاری خانمانــەوە، ئەمەش وادەكات جێگەی جوانترین مــۆدەی كراســەكانەوە بێ، یەكێك لەو كراســانە كە بە كراســی شەوانە یان (ســهرە) ناسراوە، ئەو چەند نموونەیە لە كراســی تایبەت، بۆیە دەكرێ لە ڕێگەی كراسە جوانەكانەوە مۆدەیەكی تایبەت بە جوانی وەرزی هاوین بدەین، كە دیمەنێكی شایستە و كراوە ببەخشێ، بە جۆرێك لەگەڵ پۆشینی ئەو كراسانەوە مۆدەیەكی ڕازاوە بەدی بكرێ و ستایلێكی تازەی پێوە دیار بێ، لەم ڕێگەیە دەتوانین ســوود لە كراسەكانی هاوین وەربگریــن، كە شایســتەی جوانییەكی گەورە و ڕازاوەیە، تەنانەت دەبێتە مۆدەی ئەو وەرزە و بۆ گشت شوێن و كاتێكدا دەپۆشرێ.

# قەڵای کەرکوک مێژووییەکی بە نرخ بۆ کوردستان

کوردستان بە شوێنە ئاسەواری و کۆنەکانەوە بەناوبانگە و تەنانەت هەر یەك لەم شوێنەوارە کۆنانە بۆخۆی مێژوویەکە، لێرەدا دەکرێ گرنگی بەو ئاسەوارانە بدەین کە مێژوویان هەزارەها ساڵە بەرەو پێشوو دەگەڕێتەوە، یەکێك لەو کارە ئەندازەییە سەیرانەی گەلی کورد پێوەی بەناوبانگە، دروست کردنی قەڵایە، یەکێکیش لەو قەڵایانەی کوردستان بریتییە لە قەڵای کەرکوك، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری کەرکوك، ئەمەو مێژووی قەڵای کەرکوك دەگەڕێنرێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایین، کە بەناوی (دیمتۆ کرخی شلواخۆ) ناسرابوو، واتە (قەڵای نەوەی شیلوا) کە حاکمێکی ئەو سەردەمە بەناوی (شا شیلوا تیشوب) دروستی کردووە، کەچی هەندێك لە مێژووناسانی دیکە دەڵێن : ئەو قەڵایە لە سەردەمی شای ئاشوورییەکان دروست کراوە کە بە ناوی (ئاشور ناسربالی دووەم کە لە ساڵانی ٨٥٠ و ٨٨٤ پێش زایین دروست کراوە، کە ئەو کاتە ئەو شایە ئەو قەڵایەی دروست کردووە وەك پشتێکی داکۆکی کرد لە هێزەکانییەوە، ئەمەو لەو قەڵایە (٧٢) تاوەری بۆ دروست کراوە و لەگەڵ بوونی (٣٢) ڕێگەی جۆراجۆر بۆ چوونە ناو قەڵاکەوە، دواتر داگیرکەری مەگۆلی (تیمۆرلەنگ) لە ساڵی (١٣٩٣) پەلاماری ئەو قەڵایەی داوە بۆ داگیرکردنی کەچی شکستی هێناوە، ئەو قەڵایە لەسەر شێوازی (٤) کۆرنەوە دروست کراوە و بە بەرزایی (١٢٠) پێ لەسەر ئاستی دەریایەوە، ئەمەو گرنگترین بەشی ئەو قەڵایە بریتیی بوو لە بەشی خۆرئاوا کە بە (شاتر) ناسراوە و لەگەڵ بوونی گلکۆی نێردراوی خودا (دانیال)، ئەمەو لەلایەکی دیکەوە مێژووی قەڵای کەرکوك بۆ سەردەمی (مسماری) دەگەڕێنرێتەوەو کە لە بنەڕەتدا ناوی شاری (ئەربخا) بووە کە ویلایەتێکی سەربەخۆ بووە لە هەزارەی دووەمی پێش زایین.





# کراسی خانمان لە سەوزە و میوە



کارە سەیرەکان بە ڕێگا جوانەکانەوە دروست دەکرێن، بە جۆرێك شێوازێکی جوان و سەیر لە خۆ دەگرن و دەبێتە داهێنانێکی نوێ، هەندێك لە مرۆڤ جیاوازییان هەیە لەگەڵ کەسانی دیکەوە، بۆ نموونە: هەندێك هەن گۆشتی سوور ناخۆن، کە بە رووەکی ناسراون، بۆیە هەردەمیش حەز دەکەن هەموو خەڵکی جیهان وەك خۆیان بن، بۆیە ئەو خانمە نمایشکارانە هەڵساون بە پۆشینی کراسی دروست کراو لە سەوزە و میوە، کە لێرەدا کراسەکان لە (خاس) دروست کراوە، وەکو دەزانین خانمان زیاتر جێگەی گرنگیدانن، بۆیە لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێ خەڵك گوێرایەڵیان بێ و لە گۆشتی سوور دووربکەونەوە بەرەو خواردنی سەوزە و میوە هەنگاو بنێن.

# قاپقاپە نەعلی کوردانەیە

**ئا:رەوەند بەختیار**

لە گەڵ دەولەمەندی کەلەپوور و فۆلکلوری کوردی و پڕبوونی ئەو هەمبانە پر لە سوود و کەلو پەل و زانینە زۆرجا ئاوڕدانەو لە کەلەپووری نەتەوەیی دە مانگەیەنەتە ئەنجامێك، کە بەلێ مرۆڤ پێویستە بە رابردوو و فۆلکلوری خۆی شانازی بکات لە گەڵ ئەو دەوڵەوەندییە لە زمان و جل و بەرگ و هونەر و لایەنەکانیتر دەبینن باوك و باپیرانمان کارا و لێزان و هۆشمەند بووینە بە دروست کردنی دەیان پێداویستی کە لەگەڵ ژینگەو ژیانی ئەو سەردەمە بگونجێ و ئێستاش راستییە زانستیەکەی بزانین و، درك بە ئەوە بکەین لە ئێستا بە کاری بهێنین ( قاپقاپە)، یەکێکە لەو پێداویستیانەی کە پێشتر لە بری نەعل یان پێڵاو بە کار دەهات، پێکهاتووە لە بنێکی تەختی دارین کە لە دارە و لە گەڵ گیرەیەك لە سەرەکەی ئەوەی بە جۆرێك دروستکراوە بە هیچ شێوەیك زیان بە بڕبڕەکانی پشت ناگەیەنێ، ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو جۆرە پێڵاوەکانیتر کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر پشت بەهۆی بەرزی پاژنەکانیانەوە. کەچی قاپقاپە تەواو پێڵاوێکی تەندروستە. دەستان خۆش داهێنەرانی رابردوو، ئێستاش جێگای شانازیمانن.







## ئافرەتێک (٩) شووی کردووە

زۆر جار هەیە ژیان ڕووداوێکت بەسەر دێنێ یان تووشی ڕووداوێك دەبی کە دوور لە ویستی خۆتە، جاریش هەیە مرۆڤەکان حەز بە خولقاندنی ئەو جۆرە ڕووداوانە لە ژیاندا دەکەن وەك ئەو خانمە بەریتانەی کە تەمەنی (٥٦) ساڵە و تا ئێستا (٩) جارە شووی کردووە، نۆیەمین شووی گەنجێکە کە (٣٢) ساڵ لە خۆی بچووکترە، (بات هیگنیز) ئەو ئافرەتەیە کە (٩) مێردی کردووە، ئەوەی سەیرە گەنج و پیر دەکەونە خۆشەویستی ئەو ئافرەتەوە و ئەویش ڕازیان دەکات بەوەی شوویان پێبکات، ئەوەی سەیر بێ، درێژترین ماوەی هاوسەرگیری (٥) ساڵ بووە، و کورتترین هاوسەگیریش (٥) ڕۆژ بووە.




## نهێنی جوانی (لەمیس) لە چی دایە

ئەو خانمە نمایشکارە تورکەی کە ساڵانێکی لە گشت جیهاندا ناوبانگێکی گەورەی وەرگرتووە، ئەویش لە ڕێگەی بەشداریکردنی لەو زنجیرە کۆمەڵاتیبانەی کە لەسەرتاپای جیهاندا نمایش دەکرێ، (توبا بایکستۆن) خەڵکی وڵاتی تورکیایە و لە ساڵی (١٩٨٢) لە دایك بووە، لە ڕۆژهەڵات زیاتر بە (لەمیس) دەناسرێ، ئەوەی سەیرە بوونی ئەو جوانییەی لەسەر ڕووخساریەتی و بەبەردەوامی جێگەی سەرەنجڕاکێشانە، نهێنی جوانی (لەمیس) لە هێمنی و لەسەرخۆیی و پێکەنینێکی جوانەوە دێ، تا ئێستاش لەگەڵ هیچ کوڕێك خۆشەویستی نەکردووە و هەردەم جوانی خۆی دەپارێزی و خۆی لە کەرەستەکانی ماکیاژەوە بەدوور دەگرێ، جوانی ڕووخساری جوانییەکی سرووشتییە و ماکیاژ زۆر بە کەمی بەکاردەهێنێ، زیاتریش شامبۆی (پانتین) بەکاردەهێنێ و حەز بە جلی بۆدی تیشیرێت دەکات و لەگەڵ پێڵاوی بێ پاژنە.




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لە ژیانی کۆمەڵایەتیتدا ئەوەندە نەرم مەبە، چونکە کەسانێك هەن دەیانەوێ ژیانت تێك بدەن، خۆشی تۆیان ناوێت، بەئەنقەست بیروڕاکانی تۆ ناشیرین دەکەن بەهەموو شتێك فریو مەخۆ.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بیرو مێشــکت بخــەرە کارو لەگەڵ دەوروبەریش ململانێ مەکە، ماوەیەکە هەندێك ئامــاژەت بۆ دەکرێت و خۆت باشتر دەزانی چییە، بێ ئەوەی من ئاماژەی بۆ بکەم .



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەست بەئارامی و گەشبینی دەکەیت و چالاکیت بەرەو باشــتر دەچێت و، بارودۆخ و ژیانت لا شــیرین دەکات و لەوانەیــە دەســتکەوتی دارایی و سۆزداریشی لەگەڵدا بێت .



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لەوانەیە مامەڵەیەکی کڕین و فرۆشــتن بکەیت، هەڵچوون و تووڕەیی لێت دوورناکەوێتەوە، ئەگەر هەوڵێکی جیددی بۆ نەدەیت و ئارام نەگریت، بۆیە خەریکە باری دەروونیت ئاڵۆز بێت، بەڵام زوو دەگەڕێیتەوە باری ئاسایی خۆت .



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەگــەر ئەمــڕۆ دەربــارەی ئیش و کارەکانت موناقەشــەت کرد، ئەوا زۆر وریاو لەسەر خۆبە، چونکە بارودۆخ زۆر نارێك و ناگونجاوە بۆ ئەم جۆرە ئیش و کارانە .



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لەم ماوەیەدا ڕەزامەندی لەسەر هیچ کارێك مــەدە کەپەیوەندی بە دوارۆژتەوە هەبێت. ئارام بەو پرس و راوێژ بەکەسانی لەخۆت گەورەترو بەئەزموون بکە، ڕەنگە هەفتەی دابێت کات لەبار بێت بۆ ئەم کارانە..


# هێلکە و روون لەناو خاکەناس!



لە کاتی تەنگانەدا مرۆڤ پەنا بۆ گشــت شتێك دەبات، تەنانەت ئەگەر بۆی رێکبکەوێ ئــەوەی بکەوێتە ژێر دەســتی بەکاریدەهێنێت، ئەوەتا ئەو برســییە لە برســان شتێکی دەست نەکەوتووە هێلکەی تیایدا لە روون بکات، جگە لەو دوو خاکەناسەی کە کردوویەتی بە مەقلی برژاندنی هێلکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەیەکی سەیر و جوانە.

# ڕێوی ئۆمەرە!

یەکێك لــە نەریتە ســەیرەکانی گیانداران، گیاندار رێوییــە، کە بــە بەوەفاترین گیاندار دەناســرێ، ئەوەیش ئەوەیە هەر رێوییەکی مێ یان نێــر تەنیا یەك رێوی رەگــەزی بەرامبەر دەکات بە هاوســەری، ئەگەر هاوسەرەکەشــی بمرێ ئیتر لەگەڵ رێوی دیکە جووت نابێتەوە، ئەمــەش وەك نەریتێکە و تەنیــا لە گیانداری رێوی هەیە.



## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان رێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی خواوەندی خۆشەویســتیت بۆت بۆ دەربچێ .

ی ۆ س ڤ ن

وەڵامی ژمارەی پێشوو (هێرۆ)




- ڕۆژێک یەکێك لە باوکی دەپرســێت؛ بابە تۆ لە کوێ لەدایکبوویت؟ ئەویش ئەڵــێ کوڕم من لە هەولێر لەدایکبووم. ئینجا ئەڵێ ئەی من؟ باوکی ئەڵێ؛ تۆ لە ســلیمانی لەدایکبوویت. کوڕەکەش ئەڵێ؛ ئەی لەو سوتفەیە، ئەی چۆن یەکتریمان ناسی!

* * *

- پیاوێك بە کچێک ئەڵــێ ماچێکم بەرێ. کچەکە تورە ئەبێ. پیاوەکە ئەڵێ من لەبەر تۆمە ئەگینا خۆم ژن و منداڵم هەیە!

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە



ئا: خەتاب سابیر

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | ■ | | | |
| ٣ | | | | | | ■ | | | |
| ٤ | | | | | | ■ | | | |
| ٥ | | ■ | ■ | | | | | ■ | |
| ٦ | | | | | | | ■ | | |
| ٧ | | | | ■ | | | | | |
| ٨ | | | | | | | ■ | | |
| ٩ | | | | | | | | | |

## ئاسۆیی:

١- یاریزانێکی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتگلتەرایە.
٢- پیتێك + گوندێکە سەر بەناحیەی شەمامك – مرۆڤ (پ).
٣- جۆرە ئۆتۆمبێلێکە (ت) – باڵندەیەکە.
٤- پارێزگایەکی عێراقە (پ)- پەیڤ (پ).
٥- کۆچ + پیتێك.
٦- مەشروب (ت)- کانزایەکە.
٧- رەنگێکە (پ)- پێوەرێکە (پ).
٨- یاریزانێکی یانەی چێلسی یە – وەکو یەکە.
٩- نووسەرێکی بەناوبانگی روسی یە (پ).

## ستوونی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە.
٢- ژمارەیکە (پ) + تەنیشت (پ)- گۆڤارێکی کوردی یە.
٣- ناوێکی کورانەیە – یانەیەکی فەرەنسی یە (پ).
٤- خانمە ئەکتەرێکی میسری یە (پ)- نیوەی کفتە.
٥- باڵندەیەکە.
٦- دارتوو (ت).
٧- شەرێك بوو پێغەمبەرێك (د.خ) بەشداری تیا کرد (پ).
٨- ناوێکی کچانەیە (پ)- وڵاتێکی ئەفریقیە.
٩- پیتێك + گۆرانییەکی (عدنان کەریم)ە، (پ).

## مانای شتەکان لە خەون

- بووك و زاوا :بینینی بوك و زاوا بە رازاوەیی خۆشی و شادییە، ئەوەی ببینێ زاوایەو بوکەکەشی دیار نییە، ناویشی نییە، و ناسراویش نییە، ئەو کەسە ئەمرێ یان یەکێك دەکوژێ، ئەگەر بوکەکەشی بینی ئەوە بە پێی جوانی بوکەکەو مانای ناوی دەرگای رزقی لێ دەکرێتەوە.

**سەرچاوە: خەوننامە!**




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کەسێکی ناودار لە ژیانتدا بە توانا فیکری و پیشەییتەوە کاریگەر دەبێت، تۆش بەمە سوودمەند دەبیت، لایەنی دارایی و سۆزداریت جێی دڵنیاییە .



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئیزن مەدە دووبارە رەشبینی باڵ بەسەر ژیانتدا بکێشێت، راستە کەمێك دوو دڵ دەبیت، بەڵام ئارام بەو ئەمە زۆر ناخایەنێت و وردە وردە لەم فشارە دەروونییە رزگارت دەبێت .



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

زۆر بەپەرۆشەوە کاردەکەیت و لە هەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیە لەم بارەوەیەوە بڕیارێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە بدەیت و ئەنجامێکی باشی هەبێت .




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

زیاتر لەماوەی پێشوو خۆت بە حیساباتی داراییەوە خەریك دەکەیت و بیر لە داهاتی زۆرتر دەکەیتەوە، پێویستە هاوسەنگییەك بۆ خەرجییەکانت دابنێیت



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بەخت خەندەت بۆ دەکات و ئەزموونی زیاتر وەردەگریت، لەئەنجامی چەند پێشوەچوونێك وانەیەکی باش وەردەگریت، رەنگە دڵت بۆ کەسێك بکەویتە دڵە خورپە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بەخێرایی گۆڕانکارییەکی ئیجابی دەکەیت لە بواری ئیش و کارەوە، رەنگە لە رۆژانی داهاتوو بگەیتە ئەنجامێکی باش و گرفتەکانیشت بەرەو چارەسەری بڕوات .

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی ((رەشماڵ)) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی سارد)
- پیتی خانەکانی (٤+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پیاوێك بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی ماڵییە و خوری هەیە)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٣+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ مردن)